www.kurdistannet.org
14-10-2006 9:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی ینک: لە کۆشکی سپییەوە بۆ کەلار و کفری و عەنەب ... عەلی مەحموود محەمەد**



بەشێکی زۆرمان کاتێك لە کاتەکانی ساڵانی ناوەڕاستی حەفتاکان بە دواوە بە باڵێك لە باڵەکانی ینك فریوین، ڕاستە هیچ باڵندەیەك بە 1 باڵ نافرێت، وەلێ بێ ئەوەی خۆیان پێی بزانن لەناو ینك، بەڕێز مام جەلال هەمیشە باڵی دووەم بووە بۆیان، چەندە سۆسیال دیموکرات و مارکسییەکی تۆخ بوبێتن، ئەوا شادەمارەکەیان هەر جەلالی بووە.

لەو سەردەمەی باڵەکانی ینك کێشمە کێشی سیاسی توند لە نێوانیاندا بوو، چەندین گروپ و دەستەی سیاسی جدی لێ جیابووەوە، ئەوەندە جدی بوون دوو باڵی ناو ئاڵای شۆڕش لەمەڕ هەڵوێست وەرگرتن لەسەر سۆڤیەت، چەندین کاتژمێر شەڕە پێڵاوی توندیان کرد، دیارە ئەگەر ڕۆکێتی ناوکییان هەبوایا، ئەوا بلەو بارزانیان لە سەر نەخشە بە یەکجاری دەسڕییەوە.

ینك هەر باڵی نەما لە فرین کەوت، جدییەتی سیاسی تێدا نەما، ئێستا لە بری ئایدۆلۆژیاو کێشمەکێشی فکری، هەموو قورسایی سیاسییان لەسەر پاراستنی کورسییەکەی بەڕێز مامەیە لە بەغدا و پیاهەڵدان و ڕاستکردنەوەی خیتابەکانییەتی، واتا وا بڕوات ئەگەر مامە نەمێنێت، ئەوا کاری سیاسی ئەوانیش تەواو دەبێت.

ینك خۆی بە هێزێکی مۆدێرنی سۆسیال دیموکرات دەزانێت، وەلێ خاوەند سەرکردەی تاکو مردن و ئیدارەی گشتی سەدان ملیۆنی و دەزگای هەمە ڕەنگی خاك و سەرکردایەتی ملوێنێری فیرعەوناوە و کارگێڕی یەك ملیۆن فەرمانبەری تەسکییەکراو چەندین کادیرو سەرکردەی فایلدار و یەك لەشکر وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینکراوە، سۆسیال دیموکراتێك وا جدییە، سەری بچێت، هەموو ئایدۆلۆجیاکەی لەدەست بچێت، تەنها یەك فەوجی تایبەتی لە کیس نەچێت، یەك سەرۆك عەشیرەتی لە دەست نەچێت.

جاران ململانێی ناو ڕیزەکانی ینك، کێشمەکێشی سیاسی ڕووت بوو لە ڕوکەش، لە ناوەڕۆکیشدا مامە کۆنترۆڵکەری کۆمەڵە و بزووتنەوەو خەتە پانە حەیاتەکە بوو لە یەك کاتدا.

ململانێی ئێستای ناو ڕیزەکانی ینك، شێوەی عەقڵییەتی دەرەبەگایەتی و شار چێتی بەخۆوە گرتووە، ئەوەی نەیبینین لەو کێشمەکێشە، هەڵوێستی ڕوونی سیاسییە، ڕاستە لە ناو هەموو پارتێکی سیاسی دیموکراتیك هێڵی سیاسی جیاجیا هەیە، لێ ئەو باڵانە خاوەند ئەژندای سیاسی دیاریکراون، وەلێ لەناو ینك کوتلەی گەورەی وا هەیە خاوەندەکانی ئەلف و بای سیاسەت نازانێت، جاران هەرێمەکان کوردستان لە سەر بنچینەی پارت و کەس و خێزانەکان دابەش دەکران، ئێستا خەریکە ئەم دابەشکردنە گەڕەك و ناحیە و ئۆردوگاکانیش بگرێتەوە، ئەمە بە سۆماڵکردنی گەڕەکەکانە یاخود بە هۆنگ کۆنگ کردنی هەرێمی کوردستان؟، دیارە هەمووما لە گەڵ بە دیموکراتیککردنی ژیانی سیاسیین لە کوردستان، وەلێ نەك بە خێڵەکیکردنی دەزگای حیزب.

ینك جێگای كەسی دیكەی تێدا نەماوە لە دەرەوەی كوتلەی كەسە بەهێزەكان، ئەو كوڕە كوڕە خۆی بە یەكیانەوە هەڵواسێت، داروینیزم زاڵە بەسەریدا، مانەوە بۆ بەهێزترینە، كوتلەی گەورە بەرپرسی ئەحمەقی نەزان دەگەیەنێتە پۆپە.

كێ هەیە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازادانەی ناوخۆیی ناو حیزب نەبێت، وەلێ لەسەر بنچینەی كێشمەكێشی سیاسی نەك ململانێی شەخسی، كوتلەی سیاسی ئاساییە بلانكی، لینین، بوخارین، برنشتاین، كاوتسكی، ئیبراهیم ئەحمەد، قاسملو، ئارام، مەنسوری حیكمەت، عەزیز حاج، تۆنی بلێر، گارۆدی، كلنتۆن، برۆدی، لۆلا و... سەركرایەتی بكەن، وەلێ نەك دەفتەرە دۆلار و ئینتما بۆ كەس و شار و عەشیرەت ئاراستەی بكەن.

من لەگەڵ ئەوەدام پێویستە هەلبژاردنی ئازادانە سەرجەم ژیانی سیاسی كوردستان بگرێتەوە، بەهەمان شێوەو شێواز سەرۆكی پارتەكانیش هەڵبژێردرێن، دەیان ساڵە جولەكەكان كە بستێك لێمانەوە دوورن، ئەو ئەزموونە بە هەڵبژاردنی سەرۆكی لایەنە سیاسییەكانیشەوە تاقی دەكەنەوە، وەلێ ئەم هەڵبژاردنە ناوخۆییەی ینك بەرپرسی حیزبی باشتر لە بەشێك لە پەرلەمانتارانی كوردستان بەرهەم ناهێنێت، چونكە عەقڵیەتی كوتلەكاری بەشێكی زادەی گەندەڵی و فایل ڕەشییە هەر ئەمەی لێوە لە دایك دەبێت.

ینك كە سێ باڵ بوو، مامە بە ئاسپایی لە ئاسمانەوە دایانیگرتە سەر زەوی، هەر سێ باڵیانی قوتكرد، كردیانییە تەیرێك زۆر مەعقوڵ بەكەڵك بۆ سیاسەتی ڕۆژگار، ئەو سێ باڵ قوت بكات ینك نەمرێت، ئەی ئێستا چۆن سێ كوتلە بە چاونوقانێك قوت نادات لای مسۆگەر بێت دەژێت؟، هەرچەندە گومانی ئەوەم هەیە، ئەمە كێشمە كێشەش هەر ململانێ بێت بۆ زۆرترین دەنگ كۆكردنەوە بۆ مامە، هەموو ڕووبارەكان لە كۆتاییدا دەڕژێنە دەریاوە، تەنها ئەوانە زەرەر مەند بوون، نەزانانە لە گەمەكە دەركرانە دەرەوە.

من ئەو هەموو تەقەكردن و میل هێنانەوە و سەروگوێلاك شكاندن و بریندارکردنە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ناوخۆی ینك بەلامەوە ئاو خواردنەوەیە، وەلێ كوتلەكاری گەیشتۆتە ئاستی بەرزی خۆی، گوایا مامە لە كۆشكی سپییەوە برقییەی لێداوە بۆ شارۆچكەیەكی ناوچەی سلێمانی، دەبێت تەنها نوێنەرەكەی ئەو لەو ناوچەیە دەربچێت، دیارە ئەویش چاك دەزانێت، ئەو پۆلەی لەدەست بچێت، كۆشكی سپیشی لە داهاتوودا دەفەوتێت، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژ كۆشكە سپییەكان مسۆگەر بكاتەوە، دەبێت ئەمڕۆ كەلار و كفری و عەنەبەكان بباتەوە.